# با بەهەمووومان یارمەتی "مەشهەدانی" بدەین

**سەنگەر زراری**
Sangarz81@yahoo.com

دووەم رۆژ بوو کە قوتابخانە کرابووەوە، سواری پاسێك بووم و کەوتمە تەنیشت شوفێرەکەوە، ئەم شوفێرە باسی نەبوونی ئیش و کار و خراپی بارودۆخی بۆ کردم، دواتر گوتی "دوێنێ منداڵەکانم چوونەتە قوتابخانە، زۆر دڵیان خۆشبوو، چونکە جلی نوێم بۆ کڕیبوون، کەچی مامۆستاکە پێی گووتبوون ئەخیر رۆژتانە بەو جلانە دێنە قوتابخانە، لەبەرئەوەی بڕیارمانداوە کە قوتابییەکان ئەمساڵ جلی سپی لەبەر بکەن". شوفێرەکە دەیگوت "من دوو رۆژ پێشتر چوومە قوتابخانە، کەچی مامۆستا ئەمەی باس نەکرد، ئەگەرنا من جلی سپیم بۆ دەکڕین، ئێستا پارە لەکوێ بێنم بەو گرانی بەنزین و بێ پارەیی و نەبوونی ئیشە، بۆچی مادام بەتەمای شتێکی وان وەزارەتی پەروەردە پێشتر خەڵك ئاگادار ناکاتەوە تا خەڵك ئەو هەموو مەسرەفە ناکات".

***     ***     ***

لەگەڵ تەکسییەك سوار بووم، دەبوو بە بەردەم یەکێك لە وەزارەتەکانی حکومەتدا تێپەڕین، بەڵام بەهۆی "بۆنە"یەکەوە، رێگای بەردەم وەزارەتەکە (کە رێگایەکی گشتییە) گیرابوو، بەم هۆیەشەوە قەرەباڵغییەکی زۆر دروست ببوو کە وای کردبوو ئۆتۆمبێلەکان زۆر بە لەسەرخۆیی بڕۆن و هەندێ جاریش بوەستن، شوفێری تەکسییەکە بەدەم سڕینەوەی عەرەقی نێوچەوانی و بە تووڕەییەوە دەیگوت "تۆ سەیرکە.. بزانە دیسان چ بەرپرسێك هاتۆتە ئێرە، حیساب بۆ ئەم خەڵکە هەژارە ناکەن، ئاخر لە هەر قەرەباڵغییەکی ئاوادا ئێمە بە لانی کەم بەم بەنزین گرانییەوە نیو گاڵس بەنزین زەرەر دەکەین، تۆ حیسابکە ئەم هەموو سەیارەیە هەریەکەی نیو گاڵس دەکاتە چەند؟!..".

ئەمانە نموونەی خەڵکی هەژاری ئێمەن کە حیساب بۆ دەستێ جلی منداڵەکانیان دەکەن و ناتوانن بیکەن بە دوو دەست، یان حیساب بۆ نیو گاڵس بەنزین دەکەن کە لە ئۆتۆمبێلەکانیان دەبێتە زەرەر و کاریگەری دەخاتە سەر ژیانیان، چونکە ئیش و کار زۆر لاواز بووە. بەپێی راپۆرتە هەواڵەکانیش رێژەی بێکاری لەناو گەنجاندا لە کوردستان لە بەرزبوونەوەدایە. حکومەت دەرچووانی زانکۆ دانامەزرێنێ، کرێکاریی لەبەر بێگانەکان بەر کورد ناکەوێ.

هەندێ کەس دەناسم دوو دەوام دەکەن، دەوامێك تەنها بۆ کرێی خانوو، دەوامێکیش بۆ خواردن و ماڵ و منداڵەکەی. حکومەت بڕیاری داوە هەر کەسێك دوو دەوام بکات دەبێ واز لە یەکێکیان بێنێ، ئەمەش واتای ئەوەیە کە حکومەت کرێی خانوو لەو جۆرە کەسانە وەردەگرێتەوە و ئەو کەسانەش کەیفی خۆیانە بۆ دانی کرێی خانوو چی دەکەن.

بەڵێ.. حکومەتی ئێمە کرێی خانوو لەم هەژارانە وەردەگرێتەوە، بەڵام خۆی کرێی خانوو لەجیاتی "مەحمود مەشهەدانی" سەرۆکی پەرلەمانی عێراقی دەدات. کرێکەشی ئەوەندە زۆر نییە (91 440 000) بۆ ساڵێك کە مانگانە دەکاتە (7 620 000)حەوت ملیۆن و شەش سەد و بیست هەزار دینار*، ئایا حکومەتی هەرێم ئەوە دەزانێ کە نەك فەرمانبەران، بەڵکو وەزیرەکانیش مووچەیان ناگاتە ئەو بڕە پارەیەی کە دەیداتە کرێی خانووەکەی مەشهەدانی. گریمان پاساوەکە ئەوەیە کە مەشهەدانی بۆ کورد باشە(کە پێموا نییە باش بێت)، بەڵام بەخوا باوەڕناکەم بایی (90) ملیۆن دینار باش بێت. مەشهەدانی پزیشکی ددانە بەر لە رووخانی رژێمی سەدام لە شاری بەغداد عیادەی هەبووە، ئەوانەی دەیناسن دەڵێن کەسێکی دڵکراوە بووە، یارمەتی هەژارانی داوە و تەنانەت لە عیادەکەی پارەی لە خەڵکی هەژار وەرنەگرتووە. دەشڵێن بەڵام دوای رووخانی رژێم کە تێکەڵ بە کاری سیاسی بووە تەواو گۆڕاوە، وەکو جاران نەماوە و تووشی خۆ بەزلزانین بووە**. ئەوان راست دەکەن ئەوە نییە ئێستا بە هەموو کوتلەکان خەریکین، ناتوانن کورسی سەرۆکایەتی پەرلەمانی لەژێر دەربێنن، تا بەوە گەیشتووە کە ئەگەر واز بێنێت مانگانە (35) ملیۆن دیناری دەدەنێ***، ئەویش بۆ ئەمە شلی کردووە. کەواتە مەسەلەکە نە خزمەتکردنە و نە ئینتیما بۆ کوتلەکەی خۆی، بەڵکو پارەیە. حکومەتی هەرێم کرێی خانوو بۆ مەشهەدانی دەدات و حکومەتی ناوەندیش مووچەی دەداتێ، کەچی هەر تێر نابێ، دەڵێم بۆ ئێمەی جەماوەریش واز لە حیساباتی بەنزین و جلوبەرگی قوتابخانە نەهێنین و پارە بۆ مەشهەدانی کۆ بکەینەوە بەڵکو تێر بێت. بەڵام وابزانم ئەوە لەو کەسانەیە کە لە کوردەواری خۆمان دەڵێن "برسی خوایە و بە عەبد تێرناکریت". خوانەخواستە ئەگەر وابێت بە ئێمە تێر ناکرێت!!!و باحکومەتیش چیتر کرێی بۆ نەدات.

---

*** ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە** (351) **یەکشەممە.** 2007/9/2.

**** لە ئینتەرنێتەوە.**

***** ڕۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە** (88) **سێشەممە** 2007/9/25.